## موسڵمانان و ڕۆژئاوا.... ئایا جەنگی ڕۆشنبیریە؟ ... ن. جۆن ئەسپۆزیتۆ * و. نالی

سویسرا

وێنەکاریکاتۆریەکانی ئەم دوای یەلەسەرمحمد پێغەمبەر، کۆمەڵێ ڕوداوی ترسناکی نزیک و دوری بەدوایدا هێناو ڕێپێوان و نارەزای زۆری لەجیهانی ئیسلامی لێکەوتەوە.
سەرەتا ڕۆژنامەیەکی دانیمارك و دواتر لەرۆژنامەئەوروپیەکاندا بلاوبووەوە مەبەست لێیان وەسف کردنی محمد پێغەمبەرو ئیسلام بەتوندرەوو ئیرهابی بوو. کاردانەوەی راگەیاندنی ئەوروپاش
بریتی بوو لەپاساوو هێنانەوەبەبیانوی ئازادی رادەربرین، رۆژنامەی (فرانس سوار) ی فەرەنسی ئەڵێت مافی خۆیەتی گەر وێنەی خواش بەکاریکاتۆرێکی گا ڵتەئامێز بلاوبکاتەوە، رۆژنامەی (دی فیلیت) ی ئەڵمانیش ئەڵێت مافی خۆمانەکەپیرۆزیەکان بەزێنین.
ڕۆژئاوا لەنێوان ئیسلام فۆبیاو ڕق بوون لەبێگانە
لەو پرسیارەسەرەتاییا نەی میدیا ئەوروپی وئەمریکی و جیهانیەکانی تردا لەبارەی ئەم ململانێیەوەروبەڕوم بویەوەئەوەبوو: ئایا ئیسلام دژ بەبەها بالاکانی رۆژئاوایە؟ یان بەواتایەکی تر: ئایا ئێمەلەبەردەم شەری ڕۆشنبیریەکانداین؟بۆ وەلامی ئەم پرسیارەشمان دەبێت بپرسین: کا مانەن ئەو بەها رۆژ ئاوای یانەی قسەیان لەسەردەکەین؟ ئایا ئەو بەهاو قیەمەعیلمانیانەن کەبێ جیاوازی ڕێگا بۆ گشت دینەکان والا دەکەن و لەهەوڵی پاراستنی بروادارو بێبڕوادان؟ یان ئەو قیەمەسیکۆلارەئوسولی و دژن بەدینەیەکەلەدوای روداوەکانی 11 ی سێبتێمبەرەوەلەبلاوبونەوەو بروودایەدژ بەئیسلام؟ ئەوەی ئەمرۆ ئەیبینین بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو قیەما نەیەکناگرنەوە، میدیای ئەوروپی رەنگدانەوەی کۆمەڵگایەکی توشبووەبەئیسلام فۆبیاو رقبوونێکی ناعەقلانی لەبێگانە، وێنەکانی ئەم دوایەش بەڵگەیەکی گەورەن لەسەر حەزکردن لەئیستیفزاز، چونکەئەو وێنانەسوکایەتی بەبن لادن و زەرقاوی ناکەن بەڵك و سوکایەتی یەبەبەرزترین رەمزی قودسیەت لای موسوڵمانەکان و لەهەموشی سەیرتر ئەوەیەلەژێر ناوی ئوستورەی ئازادی رادەربریندایە.
وێنەکاریکاتۆریەکان و سەردێرو ناونیشانەکان لەسەرپێغەمبەر و چەند بارەچاپکردنەوەیان قازانو پارەیەکی باشی پێ پەیدا کراو چووەگیرفانی خاوەن رۆژنامەکان و بەو کارەسەر شێتیا نەشیان لەرۆژنامەیەکی موحتەرەمەوەچونەرێزی رۆژنامەسەتحی و ناموحتەرەمەکان.
بەلام با بپرسین ئایەپاڵنەری کاردانەوەی موسوڵمانەکان چی یە؟ هەر لەسەرەتا وەهەندێک لەپسپۆران پرسیارێکی با و دەکەن و دەڵێن: بۆ رقیان لێمانە؟ بەخێرایش وەلامێکی تەقلیدی و ئاسان و سادەمان دەدەنەوەگوایەئەوان رقیان لەدیموکراسیەت و ئازادی و پێشکەوتنەکانمانە. ئەم وەلامەچەندەسادەو ئاسانەئەوەندەش وەلامێکی هەڵەیە!!
ئەوانەی ئەم جۆرەوەلامانەیان پێیەنایانەوێ دان بەو راستیەدا بنێن کە(محوەر) بنەرەتیەکانی ئەم شەرەی لەئارادایەبریتین لەبیرو باوەرەئیمانیەکان، و دەوری سەرەکی محمد پێغەمبەر وەک نمونەیەکی بالا، وەرێز و خۆشەویستی لای موسوڵمانەکان کەلەم شەرەدا ئەو ناسنامەسەرەکی یەتوندترین سوکایەتی پێکرا.

ئایا ڕاگەیاندنی ئەورووپی بەگشتی ئەتوانن لەوجۆرەکاریکاتۆرانەلەسەر جولەکەو هۆلۆکۆست دەر بکەن؟ گەورەکەسایەتی جولەکەلەفەرەنسادا (جۆزێف سیتروک) ئەڵێت:ئێمەلەوجۆرەسوکایەتی کردنانەبەدین هیچمان دەست ناکەوێت و نیشانەی کەم ڕێزی وکەمی ڕاستگۆی یە، ئازادی ڕادەربڕینی بێسنور هیچ ڕاست نیە.

لەڕاپرسیەکی دەزگای (poll Gallup Word) دەربارەی وەزعی ئێستای موسوڵمانەکان و تێڕوانینیان بۆ ڕۆژئاوا، لەوەڵامی پرسیارێکدا ئایەواجبی کۆمەڵگا ڕۆژئاوایەکان بۆ باشتر کردنی پەیوەندیان لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا چی یە؟ بەڕێژەی (41% لەئێران، 46% لەسعودیە، 43% لەمیسر، 41% لەتورکیا ) پێیان وا کەپێویستەکۆمەڵگا ڕۆژئاوایەکان ڕێزو تێگەیشتنی زیاتریان بۆ ئیسلام هەبێ و دوور بن لەلایەنگیری وخۆبەزلزانین، وەزۆربەی ئەوانەی لەئەندەنۆسیاوەتا مەغریب ڕاپرسیان لەگەڵ کراوەئیعجاب و ڕێزی خۆیان لەبەرامبەر ئەو تەکنۆلۆژیاو ئازادی و دیموکراسیەی ڕۆژئاوادا ناشارنەوە، وەبەڕێژەی (94% لەمیسر، 97% لەبەنگلادیش، 98% لەلوبنان) پشتگیری لەیاسای ئازادی رادەربڕین دەکەن لەکاتی دروستبونی دەوڵەتێکی تازەدا کەئازادیەڕامیاری وکۆمەڵایەتی و ئابوریەکان بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر بکات.

## ئەمریکاو ئەوروپا .... .. شێوازی میکافیلی (نەفعی)

ئەو وێنەکاریکاتۆریانەی باسمان لێوەکردن سوکایەتی و بێڕێزی نواندنن بەرامبەر پێغەمبەری ئیسلام وبەڕاستی جێی تورەین و، ئەبنەهۆی هەستکردن بەسوکی و بێزاری و پەڕاوێز بون لای موسوڵمانەکان و ئەوەش ئەبێتەهۆی دروست بونی دیوارێکی مەعنەوی لەنێوا ن ڕۆژئاواو موسوڵمانەمیانەڕەوەکاندا کەئەکرێ بەئاسانی لەلایەن توند ڕەکا نەوەئیستیغلال بکرێن، بەڵك و

ئەو وێنانەئەبێتەپاڵپشتێکی ڕژێمەدیکتاتۆرەکان کەدژایەتی دیموکراسی دەکەن ئەڵێن دیموکراسی دژایەتی ئیسلام دەکات.

ئەمریکا تەواوی تواناکانی خۆی خستۆتەگەڕ تاکو ئەوروپا بخاتەژێر باڵەکانیەوەلەچوار چێوەی ئەو پلانەی کەبۆهەیمەنەی جیهانی ئسلامی دا پیادەی دەکات، واش دەردەکەوێ کەئەوروپا لەحاڵەتی ئامادەباشیدایەبۆ قوبوڵ کردنی ئەم دەورە. بێگوما ن ئەمریکا ئەم هەلەدەقۆزێتەوەبۆ پاڵپشتی لەتیۆرەکەی کەدەڵێت پێکدادانی شارستانیەکان شتێکی حەتمیەو دوبارەبونەوەی جەنگی خاچ پەرستانەدژی ئیسلام کەڕۆژئاوای تووش بوو بەئیسلامۆفۆبیا قیادەی ئەکات، ڕوداوی سوکایەتیکردنی ئەمریکیەکان بەقورئان لەگوانتانمۆ و ئەو هاوکاریەسەخیفانەی ئەورووپیەکان بۆ دانیمارك، بەڵگەیەکی ڕون و قەتعین کەشەڕی شارستانیەکان لەئارادایەو ئەمریکیەکا نیش برەوی پێدەدەن.

ئەوەی کەپشتڕاستی ئەم بۆچونەمان دەکات وتەکانی "ڕامسفێلدە" لەکۆنگرەکەی میونیخ دا کەدەڵێت ئەمریکاو ئەوروپا تەنها دوو شەریکنین کەبەرژەوەندی ستراتیجی هاو بەش کۆیان ئەکاتەوە،

بەڵك وهەردولای بەدونیای شارستانی ناو زەد کردو وتی ئێمەخاوەنی مێژووی مشتەرەك و یەك قیەمین، وەبڕوای قوڵمان بەدکموکراسی هەیە، بەبۆچونی ڕامسفێڵد ئەم "دونیا شارستانیە"ڕوبەڕوی شەڕێک بوەتەوەلەگەڵ ئەو هێزانەدا کەهیواخوازن ئیمبراتۆریەتێکی ئیسلامی توندڕەو دامەزرێنن.

ئەو ئوسلوبەمیکافیلیەی کەڕامسفێلد وەسفی ئەم ململانێیەی پێکرد هیچ مەجالێکی ڕەخنەگرتن لەڕۆژئاواناهێڵێتەوە، چونکەوتارەکەی لەمیونیخ جیاوازی لەئامانجی

بزوتنەوەئیسلامیەجیاوازەكاندا نەكردو، بەهیچ شێوەیەك دانی بەفەشەلی سیاسەتەكانی ئەمریكا لەعێراقدا نەنا، وەباسی سیاسەتەهەڵەكانی رۆژئاوای لەجیهانی ئیسلامیدا نەكرد كەخولقێنەری ئەم تورەییەی جیهانی ئیسلامیە، بەڵك وبەتەنها سەرزەنشتی جیهانی ئیسلامی كرد و وتی كەبەبەردەوام لەهەوڵی بەدەستهێنانی ئازادیدان بەبێ فائیدەوەك رامسفێلد ئەڵێت.

سازش لەسەر قیەم ناكرێت

سازشكردن لەسەر بەها و مەبدەئەكان ناكرێت بەتایبەتی مەبدەئی ئازادی رادەربرین. بەڵام ئازادیەكان لەفەراغەوەنەهاتون بەوواتایەی كەئازادی بێ سنوردانان نیە، لەزۆرێك لەوولاتاندا هاندان بۆ رقلێبونەوەوەك (ئینكار كردنی هۆلۆكۆست، رەگەز پەرستی، پشگیری قەلاچۆكردن مرۆڤەكان) بەتاوان ئەژمێردرێت و سزای یاسایی هەیە. دیمكراسیەتی رۆژئاواش تەنها ئازادی رادەربرین دەستەبەر ناكات بەڵك و ئازادی بیروباوەڕیش بپارێزێت و باوەڕ داری و بێ باوەری پێویستەپارێزراوبن،

بەڵك وئازادی بیروڕا لەكۆمەڵگەیەكی فرەییدا پێویستەرەچاوی هەندێ لەبەها پیرۆزیەكان و شێوازی مامەڵەكردنی گونجاو لەگەڵیاندا بكات.

بیرۆكەی ئیسلام فۆبیا (واتەترس لەئیسلام) كەوەك نەخۆشی ژێرپەنجەی كۆمەڵایەتی لەناو ماندا رۆئەچێت هەرەشەیەكی جدیەبۆ سەردیموكراسی و فرەییمان و پێویستەلەسەرمان قبولی نەكەین چۆن "دژایەتیكردنی سامی" مان قبول نەكرد. بۆیەپێویستەلەسەر رابەرانی سیاسی ودینیمان وەگشت پسپۆران و ئەوانەی لەدەزگاكای راگیاندندا لێدوان دەدەن كەبەشێوەكی دروست پارێزگاری لەبەها جوانەكانمان بكەن.

هەروەها رابەرانی موسوڵمانەكانیش لێپرساون پارێزگاری لەدین وبیروباوەرەكانیان بكەن و هەپێویستیشەپاڵپشتی ئازادی رادەربرین بكەن بەبێ ئیستیغلالكردنی ئەو ئازادی یە، وەهەروەها كێشانی هێڵێكی سوری لەنێوان شێوازەیاسایەكانی (نارەزایی و خۆ پیشان) وشێوازەتوندو تیژیەدوژمنكاریەكان وەك سوتاندنی سەفارەتكان پێویستە، چونكەبۆچونی رۆژئاوایەكان تا دێت بەم جۆرەكردارانەسلبیا نەتردەبێت وتوندوتیژی زیاتری لێدەكەوێتەوە. وەهەروەها رابەرانی موسوڵمانەكانیش لێپرساویەتی دووبەرا بەر رویان تێدەكات چونكەجەماوەری موسوڵمان زیاتر گوێ بۆ ئەوان ئەگرن و ئەتوانن ئامۆژگاریان بكەن.

جیهانگەرایی و رۆژئاواو قیەمەدیموكراسیەیەكا نی فرەیی رۆشنبیری و دینی لەبەردەم تاقیكردنەوەیەكی سەختدان، بەواتایەكی تر ئەمرۆ لەگشت كا تێك زیاتر لێبوردەیی و فرەیی پێویستی بەتێگەیشتن و رێزی زیاتر هەیەلەلایەن موسوڵمانەكان و غەیرەموسوڵمانەكانەوە. *مامۆستای زانكۆی " جۆرج تاون " لەئەمركا و راوێژكاری وەزارەتی دەرەوەیەو خاوەنی چندین كتێبەو كتێبی (جەنگی نا موقەدەس) یەكێكەلەكتێبەبەناو بانگەكانی.